

# ڕێبەرانی کورد بۆ وا دەکەن؟!!



ن/ دەرسیم دیبەگەیی

چوارشەممە 24.8.200

ڕێبەری و سەرۆکایەتی، جووتی ئەمانەتی یەکجار قورسن، هەموو کەسێک بەرگەیان ناگرێ، چونکە یەکێ لەخەسڵەتە هەرە سەرەکیەکانی، ئەمینیی و ئەمانەت پاراستنی گەرەکە، هەڵبژێردراو بۆ ئەم شوێنە، ئەگەر باوەڕی ڕەهاشی پێبدرێ، نابێ لەنرخی ئەو متمانەیە کەم بکاتەوە، کە جەماوەر پێیداوە، چونکە پیشەکە سنوور بەندەو تیغی مێژوو کۆنترۆڵی کاردانەوەکانی دەکات!!
جا ئەگەر ئەم دوو دەسەلاتەی سەرەوە بەو ڕەوتەی کە بەقازانجی گەل و ولات تەواو دەبێ بەکارهێنران، ئەوا ڕێبەر یان سەرۆک وەک کەسە ڕۆحانییەکان، ناویان بەنەمری لەنێو ویژداندا دەمێنێتەوە. بەلام ئەگەر بەکارهێنران بۆ زیان گەیاندن بەگەل و بەولات، ئەوا دەچنە ڕیزی مردووان تا ئەگەر لەژیانیش دابن!!
ئەم هاوکێشەیە سەنگی مەحەکە بۆ لێک هەلاوێردنی ئەم دوو حالەتەی دەسەلات، کە پاساوەکانیتر ڕەتدەکاتەوە، (دۆستیش ئەوەیە بتگرێنێ، نەک پێت پێکەنێ)!!
ئەم کوردە بێکەسەو ئەم کوردستانە بێخودانە، لەمێژە لەپاڵ تەفریس، تەتریک، تەعریبکردن، ناوە ناوە، دەبەخشرێتەوەو پیاوەتی پێوەدەکرێ، لەلایەن سەرۆک هۆزە کوردەکان و کۆمپرادۆرە کوردەکان!!
ئاغا هەبووە ئەگەر عەرەب ژنێکیان دابێتێ ئەویش لەتولەدا ئاقارو گوندی پێشکەش بەعەرەب کردووە!! ئەمە جگە لەوانەی فریودراون و (پێستەیان پڕ باکراوە)!!
مەبەستم کوردە، کەس ناتوانێ هێندەی ئێمە، واتا هێندەی ئەو ناوچەو مەڵبەندە سنووریانەمان لەگەڵ عەرەب، عەرەب وەک ئێمە بناسێت، چونکە ئێمە سالەهایە لەگەڵیاندا دراوسێین، هەر ئێمە بووین ئازارمان چەژتووە لەسەر دەستی هۆزە عەرەبەکان!! ئەگەر لەقوولایی کوردستان، زیتبوونەوەو یاخیبوون ڕوویدابێ، پێشوەخت بەرلەوەی دەسگاکانی سەرکوتکردنی ڕژێمەکانی عەرەبی بگەنە شوێنەکە، جامی ڕقیان بە ئێمەدا ڕشتووە، ئێمەی دراوسێی عەرەب باجەکەمان داوە!! بۆیە لەهەر کات و سەردەمێکدا، ئەگەر لە نرخی مافی کورد و هەقییەتی کوردستان کەم بکرێتەوە نەخاسمە لەلایەن بەرپرسانی کورد، پێمان وایە وەک هەنگ بەلەشمانەوە وەربێ هەر هارو هاج دەبین!!

ئێمەی دراوسێکانی عەرەب، لەبیرمانە هەتا دوای کۆدەتاکەی قاسم یش، هەر عەرەب بوو، بە ووشترو بارە خوێوە، بەناوچەکانماندا پەرتدەبوون، لەبرسان خوێ فرۆشییان دەکرد (ئەگەر ئاگرت لەیەکێک بەردایە، بۆن سۆی لێنەدەهات)!! چونکە (ڕووت و ڕەجاڵ) بوون!!
بۆیە دەبێ کوردە دوورە دەستەکان، ئەوانەی جەرگیان وەک ئێمە داخنەکراوە بەدەستی عەرەب، لە ئێمەوە فێری ناسینی عەرەب بن و بۆ مەرامێکی کاتی و تایبەتی ئەو دەریا پڕ لەئێش و ئازارەی ئێمە چک نەکەن!!
ئێمەی کەندیناوەیی و قەراجییەکان دەڵێین: ڕەنگنیە بەعەرەب بڵێی مەرحەبا، هەندێکی دەخواو هەندێکیش دەنێتە ژێر عەبا!!
یان دەڵێین نەشیری ووشتر و نەدیداری عەرەب!!
باخوێنەر ئەم دوو گۆتەیە بۆخۆی شێکاتەوە.
(اسئلوا المجرب ولا تسالوا الحكيم)
بەقسەی ئەوە بکەن کە شارەزای ناوچەکەیە نەک بەقسەی حەکیمێک کەلێی بێئاگایە.
لافاوی گەمەیەکی تری سیاسی لەئارادایە (بێ ئافات بێ)!!
(نحن العرب اهل الغيرة لانخليكم ب هل ديرة) یان
(احنا البدو وين العدو) مەبەستیان لە عەدو کورد بوو.
ئەمە گۆتەو دروشم و بریاری ئەو هۆزە عەرەبانەن کە دراوسێی ناوچە کوردییەکان بوون، کاتێ بەفیتی ڕژێم لەشکریان دەکردینە سەرێ و پەلاماری گوندەکانیان دەدایِن، دەیانگوتەوە!!

## کەندێناوەی سێجار بەعەرەبکراو!!

لەڕووی جوگرافییەوە، خۆرهەلاتی سنووری کەندیناوە، قەزای دوبزە، خۆرئاواشی گوێرە، باشوورەکەی مەخمورو دەشتی قەراجە کە چیای بڵباس (قەرەچوغ) ناوبرەیەو باکووری کەندێناوەش هەولێرە.
کەندێناوەو قەراج، وەک گیانێکی دوو جەستەیین، چونکە بنوبنەچەکەی قەراجییەکان دەگەڕێتەوە بۆ هۆزو تیرەکانی کەندێناوە.
کەندێناوە لە 73 گوندو شارۆچکەی دیبەگە (1) کە مەڵبەندی بەڕێوەبەرێتی ناوچەکەیە پێکهاتووە، دیبەگە گەورەترین گوندی ناوچەکە بووە بۆیە لەدوای ساڵی 1928 دا بووە بە ناحیەو تێکڕای ڕووبەرەکەی 1280 کیلۆمەتری دوجا دەبێت، بەلاَم 29 گوند کە ڕووبەریان نزیکەی 500 کیلۆمەتری دوجا دەبوو لێدابڕاوەو خراوەتە سەر دوبز بۆیە ئێستا نزیکەی 750 کیلۆمەتر دوجای ماوەتەوە. شارۆچکەی دیبەگە نزیکەی 600 ماڵ دەبوو، بەلاَم زیاتر لە 1200 خێزان دەبوو بەر لە ڕاگواستنی، چونکە خانووی وا هەبوو 2-3 خێزانی تیادا دەژیا. پسپۆرانی خاک سەلماندوویانە بەپیتترین زەوی بۆ چاندن، خاکی کەندێناوەیە، بۆیە گەنم و جۆکەی بەناوبانگترینە لەسەر ئاستی هەموو کوردستان و ئێراق، ئینجا ژێر خاکەکەشی دەریاچەی نەوتەو 191 (2) چاڵگەی ئامادەی

لێیە کە لەگەڵ چاڵەکانی کەرکوک تێکدەکەنەوە. بەشی زۆری نەوتی کەندێناوە کەوتۆتە گوندی سۆفی سمایل یان ڕاستتر سۆفی سمایل کەوتۆتە سەر دەریای نەوتەکە. هەروەها شوێنێکی ستراتیجی گرنگی هەیەو هەرسێ شاری (کەرکوک – موسڵ – هەولێر) بەیەکەوە دەبەستێتەوە. هەر ئەو هۆیانەو چەند هۆیەکی تربوو وای لەڕژێمی بەعس و سەدام کرد لەسەرەتای دەسەڵات گرتنە دەستیان لەساڵی 1963 ەوە بیر لە بەعەرەبکردنی ئەو ناوچەیە بکەنەوە.

جاری یەکەمی بەعەرەبکردنی کەندێناوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1963 – ساڵی ڕەشە کوژییەکەی حەرەسی قەومی!! کە هۆزەکانی تائیی، کە سەرۆکهۆز – حەنێش حەمود بوو (دواتر لە 14.4.1968 دا لەلایەن پێشمەرگەکانی بارزانی بەسزای گەل و شۆڕش گەیەنرا). هۆزی شەممەڕ کە سەرۆکیان عەواس سەدیدو عیادەی برای بوو، چەندین هۆزی تری وەک: جحێش، جبوور، لهێب، سەبعاوی، میامین، و (بەدوو) ەکانی تری عەرەبی، هاتن بۆ کەندێناوە، بڕێ لەم هۆزانە تەنها بۆ تالانکردن و تۆقاندنی کوردی ناوچەکە هاتبوون، دەستیان نەپاراست، جگە لە مەڕو مالات، ناو ماڵەکانیشیان تالانکرد، دواتر گەلێکمان لێرەو لەوێ لەگوندە عەرەب نشینەکانی دراوسێمان ئەو جل و بەرگە کوردیانەی ژن و پیاوانەمان دەناسینەوە کە بەتالان بردبوویان و لەبەریان دەکردن!!

هۆزی شەممەڕ، بەسەرۆکایەتی – عەواس سەدید، نیشتەجێکرا لە گوندەکانی – پەڵکانە، جانە، تیکالۆ، بیرەبات، جاستان، سەربەشاخ، گابەڵەکە، چەرت، گێسمە، تەلهەلالە، گەزوەشان، خەرابە، قوچ، دڕکەی گچکە و گەورە. عیادەی برا بچووکی بەبەشێک لەهەمان هۆزی سەرەوە نیشتەجێکران!! لە گوندەکانی چەغەمیرە، چیغلۆک، عالڵا، کەندالە قەڵ، دارەخورما، کەندالْ، لاوەر، دێمەکار، گاوەرە، خدرجیجە، حەسەن بلْباس، خۆشاو، دەرماناو. بەڵام دوای ئەوەی شۆڕشی ئەیلوول – پەرەی سەندو چالاکییەکانی پێشمەرگە گەشەیکردو ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی ئەو چەند ساڵەی ئێراقی لەکزی دابوو.... لەساڵی 1967 مانگی ئۆکتۆبەر، هۆزی شەممەڕی عەرەبی لەترسان کەندێناوەیان جێهێڵا. کاتێ زیلەکانی گواستنەوەو ترومبێلەکانیان بە – دیبەگە ـــ ی داهاتن بۆ ڕۆیشتن، بەبەردەمی قوتابخانەی دواناوەندی دیبەگەی کوڕاندا تێپەڕین، قوتابی تێکرا لەپۆڵەکانیان دەرپەڕین و بەردبارانیان کردن، سەری جەند عەرەبێکیان شکاند، خەڵکەکەش چاوی لەقوتابیان کردو عەرەبەکان لەترسان دەستیان بە تەقەکردا!! نەوێران بەناو دیبەگەدا ڕەتبن، پاشەو پاش کشانەوە، تا ڕۆژی دواتر ڕژێم پۆلیس و سەربازی بەچەکەوە هێنایە سەر شەقامەکەو ناو دیبەگە، تا هۆزی شەممەڕ بەڕێکران!!

جارێکیتر لەسەرەتای ساڵی 1976 دا 29 گوندی کەندێناوە کە دەکەونە ڕۆژهەڵات و خوارووی ڕۆژهەڵاتی دیبەگە لە هەولێریان دابڕین و بەپێی فەرمانی کۆماری ژمارە 33 لە 25.1.1976 کەلە ژمارە 2514 ی الوقائع العراقیة لاپەرە 14–15 لە 16.2.1976 دا بڵاوکراوەتەوە خرانەسەر دوبز (3) و عەرەبی شەممەڕیان لێدانان بەسەرۆکایەتی شێخ نایف ناوێک. جاری سێیەم لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی نێوان ئێراق و ئێران لەساڵی 1980 و چڕبوونی چالاکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ڕژێمە فاشیەکەی سەدامی ڕەگەزپەرست بەرە بەرە گوندەکانی کەندێناوەی کاول و

چۆڵکرد. تا نۆره گەیشته سەر  شارۆچکەی دیبەگەو ئەو شارۆچکەیەش بەگوێرەی بڕیارێکی بەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژماره 442 له 18.7.1987 دا هەڵوەشاوەتەوه كه له الوقائع العراقية ژماره 3160  له لاپەڕه 452 ی ڕۆژی 27.7.1987 بڵاوكراوەتەوەو دواتریش له 21-22.8.1988 دا دانیشتوانی دیبەگەش بۆ كۆمەڵگای زۆرەملێی هەنجیرۆكی خەبات گواسترانەوه، ئیدی كەندێناوه پاكەو پاكی بوو به موڵكی عەرەب، تا ڕاپەڕینی ساڵی 1991.

بەڵام تەمەنی ئازادكردنی ئەمجارەی – كەندێناوه – كورتبوو (له 12.3.1991 ئازادكرا تا 30.3.1991)، لەگەڵ كۆڕەوه سەرتاسەریەكە، جارێكیتر هۆزی ناوبراوو چەندین هۆزی تری عەرەبی هاتنەوه سەر زێدی باو و باپیرانمان!!! ئەمجارەیان درێژەی كێشا تا ڕوخانی ڕژێمی سەدام له 9.4.2003.

ئێستا كەندێناوه ئازاده، بەڵام مخابن لەكەندێناوەو لەزۆر ناوچەی تری كوردنشین، تا ئەو چركەیه كار بەیاساكانی سەدام دەكرێت، ئەوەی ئەو بڕیاری لەسەرداوه هەر ئەوه پیاده دەكرێت و هیچ یاسایەكیتر ئەگەر سەد دەرسەد هەقیش بێ بۆی نیه داوێك لەیاساكانی سەدام هەڵوەرێنێ. ئەو یاسایانەی كه هەر هەمووی بۆ تاواندنەوەی كورد و بۆ تەعریبكردنی كوردستان بوو!! هۆكارەكەشی دەگەڕێتەوه بۆ ناتەبایی هێزەكانی كورد، بۆ ململانێ لەپێناو كورسیدا!!

كەندێناوەو مەخمور، لەوەتەی پارێزگاكانی ئێراقی سنوور كێشكراون- سەر بەپارێزگای- هەولێرن، كەچی ماوەیەكی كەم دوای 31 ی ئابی 1996، سەدام بەبڕیارێك - هەردووكی هاویشتنه سەر - نەینەواو – تائەمرۆش سەرانی كورد، نەیانتوانیوه بیگێڕنەوه، سەر هەولێر!!!

چەندان ناوچەو مەڵبەندی تریش بەهەمان شت، گیرۆدەی ئەم یاسایەی سەدامه!! دڵنیاشم تا كورد ئاوا ڕەنگاو ڕەنگ بێ (ڕیسەكەمان هەر پەته!!!).

گەمەی نێوان – غازی یاوەر و كاك مەسعود – مام جەلال – لەسەر كەوڵی كەندێناوه دەكرێ؟!!

لەمانگی حوزەیران و بەبۆنەی گواستنەوەی دەسەڵات، حازم ئەمینی ڕۆژنامەنووس دیمانەیەكی لەگەڵ سەرۆكی پارتی دیموكراتی كوردستان بەڕێز مەسعود بارزانی ئەنجامداوەو، دەقی دیمانەكەش ئەلحەیاتی ژمارەی سێشەممەی 29.6.2004 دا بڵاوكراوەتەوه. ڕۆژنامەی خەباتیش لەژمارەی 1484 ی ڕۆژی چوارشەممه 30.6.2004 دا، دیمانەكەی لەلاپەڕه 3 دا بڵاوكردۆتەوه لەژێر ناونیشانی "سەرۆك بارزانی بۆ ڕۆژنامەی الحیاة: بەهیچ جۆرێك ڕازی نابین بەشێك بین له عێراقێكی نافیدراڵ". هەمان دیمانەش له ڕۆژنامەی التاخی ژمارەی 4262 ی ڕۆژی یەكشەممه 4.7.2004 دا بڵاوكراوەتەوه. بەڕێز بارزانی له وەڵامی پرسیاری بۆ پشتی سەرۆك غازی یاوەرتان گرت و پشتی د. عەدنان پاچەچیتان نەگرت؟ دەفەرمووێت: <u>پەیوەندیەكی دێرین كه لەگەڵ شێخ غازی بەیەكەوەمان دەبەستێتەوه، پەیوەندی باپیرانه، هەروەها له عەشیرەتێكی گەورەو كۆنه كه ڕەتیكردەوه بەشداری لەپرۆسەی تەعریب بكات. بەپێچەوانەی ژمارەیەكی زۆر له عەشیرەتەكان، عەشیرەتی شەممەر</u>

بەشدارییان لەتەعریب نەکرد!!). ئەم (بەرائەت زممەیە) چەندان پرسیارو سەرنج و تۆژینەوەو لێکۆڵینەوەی دەوێ. بەڵام با بۆ دەرفەتێکی تربێ.

بەڕێز مام جەلالیش لەکۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ شێخانی هۆزەکانی شەممەرو ئەلعوبێددا لە 14.8 دا لە قەڵاچوالان، کە لە کوردستانی نوێ ژمارە 3446 یەکشەممە 15.8.2004 دا ئاماژە بەو چاوپێکەوتنە کراوەو تیایداهاتووە: هەروا مام جەلال لەمیانەی وتەکانیدا ئەوەی بەبیرهێنانەوە کە عەشیرەتی شەممەر رازی نەبوون زەوی کورد داگیربکەن و تێگەیشتنیان بەرامبەر کورد دۆستانەو بەویژدانانە بووە!!).

ئەمەش شێکێکی تری بێتاوانی (تەبریە) کردنی داگیرکەرانی کوردستانە!!

ئێمە لەکاتێکدا ئەم زانیارییانە دەخەینەڕوو، مەبەستمان نییە لەرۆڵی ڕێبەرانی کورد بەتایبەتی ئەم دوو کەسایەتییە دیارە کەم بکەینەوە، چونکە ئەم دوو ڕێبەرە ئەمڕۆ لەم قۆناغەدا – کەیخودا – ی کوردن، هەموو تێکەو لێکەکانی کێشە و دۆزی کورد لەسەر دەستی ئەمانە تاوو توێ دەکرێ. هەموو ئیجابی و سلبییاتەکان، بەم دووان پەیوەستە، بەڵام بەئەرکی خۆمی دەزانم وەک کەسێکی کەندیناوەیی، ئینجا وەک کوردێکی خەمخۆر، زیت ببمەوە لەو گۆتەو کارانەی کەزیان بەکێشەی نەتەوایەتی دەگەیەنێ. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە من لەم دوو بەڕێزە خەمخۆرترم یان زیرەکترم، بەڵام لەجیاتی – ئەشەدو بۆ کێشانیان – پێیان خۆشترە ئەگەر ڕەخنەی بنیاتنەریان ئاراستە بکرێت، یان لەو هەلانە ئاگاداریان بکەیتەوە کە بەسەریان تێپەڕ دەبێ. بۆیە منیش وا لەو سووچە نیگایەوە، مشتێ زانیاری دەخەمە ڕوو کە (ماهییەتی) هەندێ هۆزی عەرەبی دەسەلمێنین لەتەعریبکردنی ناوچە کوردنشینەکان، بەتایبەتی هۆزی شەممەڕ، لە داگیرکردنی کەندیناوە.

1. نووسراوی پارێزگای کەرکوک – لیژنەی کشتوکاڵی بۆ بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی دوبز ژمارە 133 لە 16.10.1994 بەناوی نیشتەجێکردنی هۆزەکانی عەرەبی لەناوچەکانی دەشتی هەولێرو پێیان ڕادەگەیێنێت زەویەکانی پارچەی/14 داود گورگە و پارچەی/24 خۆشاو بدرێت بەهۆزی شەممەڕ. ئەم نووسراوە واژۆی (ئیمزای) فەریق ڕوکن هوشام سەباح ئەلفەخری پارێزگاری کەرکوکی پێوەیە.

2. ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ: لەراگەیاندنێکی ڕۆژنامەوانی ڕێکخراوی هیومن ڕایتس ووتچ کە لە هەولێر لە 15 ی گوڵانی 2003 دا دەرچووە، باسی ئەوە دەکات کە حکومەتی ئێراقی لەچوارچێوەی سیاسەتی بەعەرەبکردندا لەساڵی 1973 دا هەڵساوە بەنیشتەجێکردنی کۆمەڵێک خێزانی هۆزی شەممەڕ لەدووری 28 کم لەباشووری شاری کەرکوک و خانوو و زەوی کشتوکاڵی هاوڵاتیانی کوردی بەسەردا دابەشکردن و بەزۆریش کوردەکانی ڕاگواستەوە. ڕاپۆرتەکە باسی ئەوەش دەکات کە ڕێکخراوەکە لە 13 گوڵانی هەمان ساڵدا چاوپێکەوتنی لەگەڵ کۆمەڵێک عەرەبی شەممەڕ کردووە کە لە چوار دێی باشووری کەرکوک ڕایانکردوە، دوای کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانە

لەلایەن هێزە کوردیەکان. عەرەبەکانی هۆزی شەممەڕ باسی ئەوەیان بۆ ڕێکخراوەکە کردووە کە بەرپرسێکی کوردی ناوچەکە بەنووسراو ئاگاداری کردونەتەوە بۆ چۆلکردنی خانوەکانیان لەماوەی 3 ڕۆژدا. هەروەها لەراپۆرتەکەدا هاتوە کە هەندێک بەرپرسی بالای یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان بە لێکۆلەرەوەکانی ڕێکخراوی هیومن رایتس ووتچیان ڕاگەیاندووە کە بە نوێنەری هۆزی شەممەڕیان گوتووە کە پێویست ناکات ئەوان خانوەکانیان چۆلکەن. بەلام ڕێکخراوەکە باوەڕی نیە بەقسەی ئەو بەرپرسانەی یەکیەتی.

3. محەمەد سەعید سۆفی، لە پەرتوکی " پارێزگای کەرکوک لەناو پاکتاوی رەگەزیدا"، بەم شێوەیە باسی رۆلی هۆزی شەممەڕ دەکات: حکوومەتە یەک لەدوایەکەکانی ئێراق هەر لەسەرەتای دامەزراندنی دەولەتی ئێراق لەسالی 1921 ەوە بەلکاندنی ویلایەتی موسل پێیەوە، لەسالی 1925 دا، لەهەولی ئەوەدان – دووبارە – پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان بگۆڕن بۆ بەرژەوەندی نەتەوەی دەسەلاتدار، بەدابەشکردنی زەویوزار بەسەر خێلە عەرەبە کۆچەرەکانی (بەدو) بەتایبەتی شەممەڕ..... ل 88
(سەرەتای دروستکردنی نشینگەکان (مستەوتینات) دەگەڕێتەوە بۆ نێوان سالی 1850–1918 لەباکوری ناوچەکانی جزیرە، بەتایبەتی دەوروبەری ناوچەکانی ژەنگارو تەلەعفەر، بەدابەشکردنی زەویوزاری ئەمیری بەسەر (بەدو) ی ئەو ناوچانە لەلایەن حکومەتی ئێراقەوە لەسالی 1921 دا، نشینگەو ڕووبەری زەوییەکانی عەشیرەتی شەممەڕ فراوانتربوون). ل 88
هەروەها کاک محەمەدی جوانەمەرگ لە لاپەرە 89 دا دەلێت: لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا قۆناغێکی تازەی نیشتەجێکردنی دانیشتوانی عەرەب لەهەرێمی کوردستانی ئێراقدا دەستی پێکرد، بەجێگیرکردنی هۆزەکانی شەممەڕو عەشیرەتە بەدوەکانی دیکە لەناوچەی جەزیرەدا، بیری ئاویان بۆ هەلکەندن و حکومەت بۆ هەر خێزانێکی عەرەب 150 دۆنم زەویوزاری کشتوکالی تەرخانکرد.....).
هەروەها لە لاپەرە 99 و 100 دا باسی ئەوە دەکات کە لە قۆناغی یەکەمی پاکتاوکردنی رەگەزی کە لەسالی 1869 تا 1914 بەردەوام بووە، والی ئەو کاتەی بەغدا مەدحەت پاشا چەندین هۆزی عەرەبی کۆچەری ئێراقی لەنێوان هەردوو زێی گەورەو بچووک و دەشتەکانی دەوروبەری موسل نیشتەجێکردووە، لەنێویاندا هۆزەکانی تەی و ئەلجبور لە قەراجی باشووری مەخمورو هۆزەکانی تەی و شەممەڕ لە نزیک موسل.

4. خەسرەو گۆران لە "کورد لە پارێزگای مووسل" دا نووسیویەتی: یەکەم هەلمەتی رەگەزپەرستانەی بەعەرەبکردنی ناوچەی شەنگار لەسالی 1969 ەوە دەستپێیکرد کە کوردە ئێزیدی و موسلمانیان لەدەیان گوندی کوردی نزیک سنووری دەولەتی سوریا دەرکردو لە 1970 دا عەرەبی شەممەڕو البو المیتوتیان لەناوچەکە نیشتەجێکرد). ل155

5. کاوه نادر له " کەندیناوە لەنێوان ڕاگواستن و بەعەرەبکردندا" لەلاپەڕە 36 نووسیویەتی: شالاوی حەرەسی قەومی لەتۆڵەی تێکشکاندنی داگیرکەری عێراقی بوو لەشەڕی دارەخورمای بناری چیای بلّباس (قەرەچوغ) کە لە 13.6.1963 ڕوویداو پاشان 25 گوندی ئەم ناوچەیە بەخێڵە دواکەوتووەکانی عەرەبی شەممەڕ جێنشینکراو تاکۆتایی ساڵی 1967 درێژەی هەبوو).
دواتر کاک کاوە لە لاپەڕە 66 دا دێتە سەر گوندی سەربەشاخ کە لەگەڵ 29 گوندی دیکەی دیبەگە لەساڵی 1976 دا خرانە سەر دوبزو، عەشیرەتی شەممەڕی سەربە عەواس سەدیدی تیا نیشتەجێکران.
بەهەمان شێوە کاک کاوە لە ووتارێکیدا بەناوی "کۆلۆنیالیزی عێراقی و ڕاگواستن و بە عەرەبکردنی باشووری کوردستان" کەلە لاپەڕە 30ی گۆڤاری سەرخۆبوون ژمارە 7،8 ی 2001دا بڵاوکراوەتەوە، باسی نیشتەجێکردنی هەندێ لە هۆزە کۆچەرەکانی شەممەڕ، جبور، تەی و ئەبولحەمدان لە دەشتی قەراج، شەڕگات و گەیارە دەکات.

6. ئەمین قادر مینە لە پەرتووکی "ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان: تەرحیل تەعریب تەبعیس" دا لە لاپەڕە 260 دا دەڵێت: لەدوای ساڵی 1975ەوە هەموو ناوچەی تەلەعفەر ڕاگوێزراو بەعەرەبکراو چەندین عەشیرەتی عەرەبیان بۆهێنا کە هەندێکیان بەدون. ئەم عەشیرەتانەی کە بۆ ئەم ناحیەیە هێنراون (بەعەشیرەتە تەعریبەکانی کۆنیشەوە) ئەمانەن: بەدو (شەممەڕ)، جبور،شەرابی، البو المیتوت، معامرە، جحێش).
کاک ئەمین لە لاپەڕە 235 دا نووسیویەتی: چەندین عەشیرەتی کۆچەری تری عەرەب بە دەشتەکانی موسڵدا بڵاوبونەوە وەک: تەی، شەممەڕ،... ئەم عەشیرەت و خێڵانە چەندین گوندیان لەو ناوچانە دروستکردو دەستیانگرت بەسەر زەویوزارو پوش و پاوان و لەوەڕگای عەشیرەتە کوردەکانی ئەم ناوچانەدا).
لە لاپەڕە 238 یشدا باسی تەعریبکردنی گوندەکانی جاستان، دەربەند، پەڵکانە، دڕکەی گەورە، دڕکەی گچکە، گێسمە، گراو، سەربەشاخ، تەلهەلالە، عەلافات، سارەلو، چەرت، گەزوەشان و شەناغە و هێنانی هۆزی کۆچەری عەرەب دەکات بەسەرۆکایەتی عەواس سەدید.
پێشتر هەم بەندە و هەم کاک کاوە نادر، ئاماژەمان بۆ ئەوە کردووە کە عەواس سەدید لە هۆزی شەممەڕە.

7. دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد لە "مؤشرات سیاسة التعریب والتهجیر في أقلیم کوردستان العراق" دا، لە لاپەڕە یەکدا پەنجەی بۆ ڕۆڵی هۆزەکانی شەممەڕ، عەنزە، دلێم و کەعب لەتەعریبکردنی حەویجەو جەزیرەدا ڕاکێشاوە.

8. دکتۆرو مێژوونوسی گەورەی کورد پرۆفیسۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد لە پەرتووکی "کرکوک وتوابعها حکم التأریخ و الضمیر" دا باسی چۆنیەتی هاتنی هۆزە عەرەبەکانی عوبێدو شەممەڕ نیشتەجێبوونیان لەسەر زەویوزاری کوردان دەکات.

9. جەلال جەوهەر ئەندامی مەکتەبی سیاسی ی.ن.ک و بەرپرسی مەڵبەندی دووی کەرکوک، لە وتارێکدا لەژێر ناوی "80 ساڵ تەعریبکردنی کوردستان" کەلە ژمارە 5 ی گۆڤاری کەرکوک بڵاوکراوەتەوە، باسی هێرشی هۆزە بەدوەکانی شەممەڕ، جبور و ئەبولحەمدان بۆ ناوچەی قەراج و دەرپەڕاندنی خەلکە ڕەسەنەکەی و نیشتەجێبوون لە خاکی کوردان دەکات.

10. غەفور مەخموری، سکرتێری گشتی یەکیەتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، لە پەرتووکی "بەعەرەبکردنی کوردستان" دا لاپەڕە 37 باسی دابڕینی سەرگەڕان و 29 گوند لە دیبەگە دەکات و دواتریش تەعریبکردنیان لەلایەن هۆزی کۆچەری شەممەڕ بە سەرۆکایەتی شێخ نایف ناوێک دەکات.

11. گۆڤاری تەعریب لە ژمارە 12 ی تەمووزی 2002 دا، لە لاپەڕە 3 دا ووتارێکی کاک قاسم محەمەد مستەفای بلاوکردۆتەوە بەناوی "تیشکۆکێک لەسەر تەعریب و بەدوا داچونێک". نووسەری ووتارەکە باسی چۆنیەتی هێنان و نیشتەجێکردنی هۆزی شەممەڕ دەکات لەنێوان هەردوو ڕووباری دیجلەو فوراتدا لە سەردەمی (مەدحەت پاشا) دا و دواتریش چۆن بەهۆی پیلانێکی دارێژراو بەرەو کوردستان هەڵکشاون.

12. خێری شنگالی لە لاپەڕە 5 ی مانگنامەی کوردستانی نوێ ژمارە 76 ی چوارشەممە 13.2.2001 دا بابەتێکی نووسیوە بەناوی "ئەو کاتەی پاکتاوکردنی ڕەگەزی تەنگ بەچیای شنگال هەڵدەچنێ"، ناوبراو ئاماژە بەزەوتکردنی زەویوزاری کوردە ئێزیدییەکان لەناوچەی شنگال دەکات لەلایەن هۆزەکانی (البو المیتوت، الجبور، الجحیش، الشمر).

13. جەلال سنجاوی لەووتارێکدا کە لە گۆڤاری هەولێر ژمارە 8 ی ساڵی 2000 دا، لەژێر ناوونیشانی "جوگرافیاو ئەتنۆگرافیای دەشتی قەراج" لە لاپەڕە 22 دا، باسی هاتنی حەرەس قەومی و هۆزەکانی شێخ عەواس و شێخ حەنێش دەکات لەساڵی 1963 و داگیرکردنی بەشێکی زۆری گوندەکانی باشووری قەراج لەلایەن هۆزی ئەو دوو شێخە عەرەبە.
سنجاوی باسی ئەوە دەکات کە لەساڵی 1987، هەموو گوندەکانی دەشتی قەراج کاولکران و دواتر درانە هۆزەکانی (جبوور، لهێب، شەممەڕ، ئەبولحەمدان).

14. دکتۆر عەبدولستار تاهیر شەریف لە ژمارە 21ی **هەفتەنامەی ئاسۆ** سێشەممە 31.8.2004 دا لە لاپەڕە 18 لەژێر ناونیشانی "کەرکوک شاری برایەتی کوردو تورکمان" ە، باسی ئەوە دەکات سەرەڕای تەعریب، چۆن لە کاتی ئە نفالدا هۆزەکانی عوبەیدو جبورو شەممەڕ شانبەشانی سوپای ئێراق پەلاماری دێهاتەکانی سەربە شوان، توزخورماتو، کەلار، قادرکەرەم، جەبارەو زەنگەنەیان ئەداو سامانی کوردیان بەتاڵان ئەبردا!

15. سامی عەبدوللا کەریم لەژمارە 68ی مانگنامەی کوردستانی نوێ هەینی 1.10.1999 لەلاپەڕە 4 دا لەژێر ناونیشانی "ڕەوشی تەعریب و ڕاگواستن لەناوچەکانی مەخمورو کەندیناوە" دا بابەتێکی نووسیوەو باسی شاڵاوی تەعریبکردنی ئەو دوو ناوچەیە دەکات لەلایەن هەردوو تیرەی "شێخ نابعە و شێخ مونیف" کە سەر بە هۆزی شەممەڕن.

16. عەلۆ ڕینا لەژمارە 319 ی الاتحاد ڕۆژی 21.5.1999 لاپەڕە 14 دا، لە وتارێکی خۆیدا بەناوی "شەنگال سوربوونی بەردەوام بۆ پاراستنی ناسنامەی کوردی"، باسی پرۆژەی "جەزیرە" ی ئیستیتانی دەکات لەتەک گوندی وەردیە کە دەکەوێتە سەر بەندی موسڵ، بۆ نیشتەجێکردنی هۆزە عەرەبیەکان لەو ناوچەیەدا و ئەو هۆزانەی کە لەو ناوچەیەدا  نیشتەجێکران بریتیبوون لە جبور، شەرابیە و شەممەڕ.

17. عومەر غەریب لە کوردستانی نوێ ژمارە 3470 یەکشەممە 12.9.2004 دا لەلاپەڕە 2 دا وتارێکی نووسیوە لەژێر ناونیشانی "عەرەبە هاوردەکان گوندەکە چۆڵ ناکەن و بەردەوامن لەسەر پێچی"(5). لەم وتارەدا کاک عومەر باسی ڕاگواستن و خاپوورکردنی  گوندی (مەتارە) دەکات لەساڵی 1973 دا. گوندەکە 25 کم دوورە لە کەرکوک و کەوتۆتە باشووری شارو لەساڵی 1974 دا میری ڕەگەزپەرستی بەغدا، عەرەبی باشوورو وڵاتانی کەنداوی بۆ هێناو لەو گوندەی کوردانی نیشتەجێکردن کە زۆربەیان سەر بە هۆزی شەممەڕن. ئێستاش هۆزی شەممەڕی داگیرکەری مەتارە، نەک ڕازینابن بەوەی ئەو گوندە بدەنەوە خاوەنەکانیان کە کوردن، بەڵکو ڕۆژ نییە وەکو دیاریەک گولەبارانی خێمەی خەڵکی ڕەسەنی گەڕاوە نەکەن!!!
18. مانگنامەی کوردستانی نوێ ژمارە 68 هەینی 1.10.1999 لەلاپەڕە 4 دا لەباسێکدا بەناوی "ئۆردوگای سەرگەڕان"، ئاماژە بەوە دەدات کە هۆزی شەممەڕ دەستی بەسەر ئەم ئۆردوگایەدا گرتوەو زەوی باشیان داگیرکردوەو چەکیان بۆ ڕژێم هەڵگرتووە لەپێناوی پارێزگاریکردن لەم ناوچەیەدا.

وەلێ مخابن، نووسەرانی ئەو سەرچاوانەی کە لەسەرەوە ناوم بردن، جگە لە کاک محەمەد سەعید سۆفی کە لە ئەنجامی کارەساتی ئۆتۆمۆبێلدا لە 24.6.2003، گیانی لەدەستدا، هەموویان لەژیاندا

ماون، کەچی فزەیان لێوە نەهات، لە بێتاوانکردنی هۆزی شەممەڕ لەلایەن ئەو جووتە سەرکردەیەی کورد!!!!!
هیوادارم ئەو دوو سەرکردە بەڕێزەو لایەنگرەکانیان ئەو ڕەخنەو وەڵامەم بەڕوحێکی ڕیازیانە وەرگرن و لێم زویر نەبن.

ڕوونکردنەوەکان:

1. ئەو 74 گوندەی کە سەربە ناوچەی کەندێناوە بوون بریتین لە: ( 1. دیبەگە: بنکەی بەڕێوەبەرایەتی ناوچەکە 2. بەرزەوار 3. بیرەبەرازە 4. بیرەبات 5. تیکالۆ 6. تەل هەلالە 7. پەلکانە 8. جانە 9. جاستان 10. حاجیشێخان 11. حەسارۆک 12. حەسەن بەگ 13. حەسەن بلّباس 14. خەرابە 15. خەزنە 16. خدرجیجە 17. خۆشاو 18. خورمەڵە 19. چل هەوێزە 20. چەڵتوک 21. چەغەمیرە 22. چیغلۆک 23. چەرت 24. داود گورگە 25. دووشیوان 26. دێمەکار 27. دارەخورما 28. دڕکەی گچکە 29. دڕکەی گەورە 30. دەربەندی گۆم 31. دەربەند سارەلو 32. دەرماناوە 33. سەید عوبێد 34. سمایلاوای خوارو 35. سمایلاوای سەروو 36. سەیدۆکە 37. سۆفی سمایل 38. سەربەشاخ 39. سێبیران 40. سەرگەڕان 41. سلێمان بەخشیانی گچکە 42. سلێمان بەخشیانی گەورە 43. سێقوچان 44. شەحەل 45. شەناغە 46. شۆڕەزەرتکە 47. شۆڕیجە 48. شێخەلاس 49. عەبدوللا گوجیلان 50. عەولافات 51. قەپلان 52. قەبری عەلی 53. قوچ 54. کورتاندروو 55. کەپەنک ڕەش 56. کۆزەپانکە 57. کاریتان 58. کەندال یارمجە 59. کەندالەقەل 60. گابەلەکە 61. گەزوەشان 62. گردەشینە 63. گردیگۆم 64. گاوەرە 65. گێسمە 66. لهێبان 67. لاوەر 68. ماجید 69. مەلاقەرە 70. مەلا کاغا 71. میلیهۆرت محەمە سەعید (تەلەلخێمی گچکە) 72. میلیهۆرت قەرەنی 73. ناسر کوژراو 74. یەدووقو.

2. شوێن و ژمارەی چاڵگە نەوتەکانی کەندێناوە: بەرزەوار 1، بیرەبات 4، پەلکانە 9، جاستان 5، خورمەلە 2، چەرت 7، چل هەوێزە 2، داود گورگەو شەناغە 40، دەربەندی گۆم 5، دەربەند سارەلو 14، دڕکە 20، زورگەزراو 18، سەربەشاخ 20، سێقوچان 3، سەرگەڕان 2، سلێمان بەخشیان 12، شۆڕیجە 3، شەحەل 9، کاریتان 2، گێسمە 2، لهێبان 11، یەدووقو 3. (ئەم زانیاری و ژمارانەی چاڵگەکان کۆنن و هی سالانی ناوەڕاستی هەشتاکانن، زانیاریەکانی ئێستا وانیشان دەدەن کە ژمارەی چاڵگەکان لەسەرەوەی 550 چاڵگەن. کوردستانی نوێ لاپەڕە 5 ژمارە 3490 سێشەممە 5.10.2004)

3. ناوی ئەو گوندانەی کە لە 25.1.1976 دا بەفەرمانی کۆماری ژمارە 33 لە دیبەگە دابڕان و خرانەسەر دوبز ئەمانەن: تەل هەڵالە، پەڵکانە، جاستان، خۆشاو، خەرابە، چەرت، داودگورگە، دەربەندی گۆم، دەربەند سارەلو، دڕکەی گچکە، دڕکەی گەورە، سەربەشاخ، سەرگەڕان، سلێمان بەخشیانی گچکە، سلێمان بەخشیانی گەورە، سێقوچان، سێبیران، شەحەل، شەناغە، عەولافات، قەبری عەلی، قەپلان، قوچ، کەنداڵ قوتنی، گابەڵەکە، گەزوەشان، گێسمە و لهێبان). لەفەرمانی ژمارە 33 دا ناوی گوندەکانی (مەلحەوالی و خەسرۆبولاقلو) بەهەڵە هاتووە کەسەر بە ئاڵتوون کۆپرین و سەر بە دیبەگە نین، هەروەها ناوی گوندەکانی (سێبیران و قەبری عەلی) نەهاتووە، کەلەگەڵ گوندەکانی تری کەندێناوە بەپێی فەرمانی کۆماری ژمارە 33 خرانە سەر دوبز.

4. سەرچاوەکانی ژمارە 14،15 و 16 لە 7.9.2004 دا خراونەتە سەر ئەم بابەتە .

5. سەرچاوەکانی ژمارە 18،17 لە 12.9.2004 خراوەتە سەر ئەم بابەتە.